# ئاخ لە کورد

ئەنوەر خەراجیانی

منیش کوردم ، بەڵام ئاخ بۆ ئەو کوردەی کە ئەمڕۆ خۆی لێگۆڕاوە ،سەرکردایەتی کورد با چاك بزانێت ئازادی کوردستان ڕەنجی شۆڕشی ئەوان نە بووە . ناهەقی حکومەت بوو دژ بە خەڵکی کوردستان هەر بۆیە جەماوەر ڕژانە سەر جادەو بانەکان دژی حکومەتی فاشی بەغداد. ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991 بووحکومەتی مەرکەزی عێراقی ڕوخاند. سەرکردایەتی کورد لە کۆێ بوون دوای ئازاد کردنی شارو شارۆچە پاشان وردەوردە پێشمەورگە هاتنەوە بۆ ناو شارەکان هەرچەندە ژمارەیان زۆر زۆر کەم بوون چونکە دوای ئەنفال و کیمیا بارانی کوردستان ژمارەیان زۆر کەم مایەوە.

زۆر بەی پێشمەرگەو کادیرەکان هاتن بەرەو ئەوروپا یان لە ناو ئێران خەریکی کاسپی کردن بوون لەوەتی بەبیرمان بێت هێزی پێشمەرگە نەی توانیوە گوندێك ڕزگار بکان نەوەك شارێك . هێزی کورد دایمە ژمارەیان کەم بووە و چەکو تەقەمەنیش زۆر کەم بووە لە چاو هێزی حکومەت هەمیشە شەڕی پارتی زان کراوە لە بەر هۆی نەبوونی شتی پێویستی شەڕ . پێشمەرگە ناوێکی زۆر پیرۆزە بە تای بەتی شەهیدەکانمان . بەڕاستی کوردستان بەهۆی زروفی سیاسی نواچەکە گۆڕان کاری بەسەرهات ئەگەر باسی ڕاستیەکان بکەین بەشە شارەکانی تری عێراق خۆ پێشمەرگەیان نەبووە ئەی ئەوان چۆن ڕزگاریان بووە. واتە بە هێزی پێشمەرگە کوردستان و عێراق ڕزگاری نەبووە ؟

باسەکەمان لەمەدایە کەزۆر کەس هەن لە ساڵەکانی 1980 بەدواوە لە ئەوروپان دوای ئازاد کردنی سەران سەری عێراق و پارە ڕشتن لە کوردستان بەتای بەتی دوای کۆتای هەموو ناخۆشیەك گەڕاونەتەوە بە ماوەیەکی زۆر کەم هەر هەمویان خاوەنی پارەو خانو و سەیارەی باش و بەنزنخانە و باخ ( دەوری جۆرج بوش دەبینن ) ئێواران لە باخەکەکانی خۆیان دانیشین دەکەن بۆ خواردن و خواردنەوە پاسەوانی باشیشیان هەیە .ئەو کەسانەی کە دڵسۆزی حیزب و نیشتیمانن ئەی بۆ چی خێزانەکانیان ناگەڕێنەوە ئەگەر ڕاست دەکەن ، زۆر بەی زۆریان چەند ساڵە لە ئەوروپان نەیان توانیوە تەنانەت زمانیش فێربن هەر خەریکی قومارو خواردنەوە بوون یان بۆ زیاد کردنی پارەی ماڵی مامە واتە یارمەتی سۆشیال ( پارەی شارەوانی ) هاتون لە خێزانەکانیان جیا بونەتەوە (تەڵاق ) ئێستا ئەو کەسانەن زۆربەیان کارو باری هەرێمی کوردستان دەبەن بەڕێوە ئاخ لە سەرکردایەتی کورد چۆن لەم کەسانە ناپرسێتەوە. خەڵك ناهەقی نییە خەریکە لە پێسی خۆی دێتە دەرەوە . مەسئولێك کە دەچێت بۆ شوێنێك زیا لە 10 سەیارەی لەگەڵدایە بەهەرحاڵ ژنەکەی دەچێت بۆ ساڵۆن 3 تا 4 سەیارەی لەگەڵدایە بە پاسەوانەوە مناڵەکەی دەچێت بۆ مەلەوانگا یان قوتابخانە دەبێت ئەویش

هەمان شت چەند سەیارەیەکی لە گەڵدا بێت مەپرسە لە شتی تروەك داخستنی کۆڵانەکان هەراسانکردنی دراوسێکان زۆر کەس خانوی باشی هەبووە لە تاو ئەوانە بە پارەیەکی کەم فرۆشتویێتی هەر بۆ ئەوەی نەجاتی بێت لە دەست خۆیان و مناڵەکانیان کە کەس ناوێرت تەماشای منداڵێکی مەسئول بکات. زۆربەیان خاوەنی شەهادە نین بە لام بە داغەوە دوای ڕاپەڕین زۆربەیان بوون بە خاوەنی شەهادەی زانکۆ خوا پێم نەگرێت دکتوراشی تێدایە . زۆر کەس هەن کەوا بە ساڵ و دوو ساڵ نایەنەوە بەلای ماڵو منداڵیاندا نازانن لە ئەوروپا منداڵەکانیان چۆن گەورە دەبن گوێ لە هیچ ناگرن ئیلا خۆشی

و ڕابواردنی خۆیان نەبێت زۆربەی خێزانەکانیشیان کاری فەڕاشی دەکەن واتە گسك دان مێردەکانیشیان ئاغاو میرن لە کوردستان ئاخ لەم شتە بۆگەنانە ئەمانەو زۆر کەسی تر ناوی کورد و پێشمەرگەیان سوك کردوە لە پێناوی بەرژەوەندی گیرفان پڕکردن و شتی خراپەکاری و خۆشی خۆیان ئێتر گو بەیەك شت نادەن . ئایە ڕاستە زۆربەیان خانویەکی جوانی گەورەیان هەیە بەبێ ژن ومنداڵ نە بێت ئەسحابەبن کەوا شتی جنسی نەکەن کە زوربەیان بە ساڵ ژنی خۆیان نابینن. ئایە کوردستان ئەم جۆرە کەسانەی تێدا نەبێت ناڕوا بەڕێوە دە بێت وابێت ، هەموو دانشتوانی کوردستان ناگاتە 7 ملێۆن کەس واتە نیوەی شاری تارانە باشە بە دوو ئیدارەو دوو سەرۆك وەزیران وچەندین وەزیرو مدیر عام و وەکیل وەزیر پەرلەمان وزۆر دەستەڵاتی تر دوو شارتان بۆناچێ بەڕێوە لە ساڵی 2005 دا نە ئاو هەیە نە کارەبا و

نە سوتەمەنی نە جادەی دوو سایتی نە زۆر شتی پێویسی ڕۆژانەی خەڵکی . مەسئول و ژنە مەسول ومنداڵی مەسئول نە بێت کەس بۆی نییە سەفەری ئەوروپا بکات بۆ بچوکترین نەخۆشی خۆیانو ماڵ و منداڵیان دەگەنە ئەوروپا بە ئاسانی بەڵام میلەت هیچ. بۆ خەڵکی قەدەغەیە سەفەرکردن ، هەموو کورد لە زیندانێکی مەزن دەژین یان بڵێین لە ناو ئۆردوگایەکدان زۆر کەس هەیە تاوەکو ئێستاکە لە شاری سولەیمانییەوە ناوێرێت بچێت بۆ هەولێر یان بە پێچەوانەوە ئەمەیە زیندان کە کەس بەخۆی نازانێت لەوە دەچێت هەر هەمووتان تاوان بارن بۆیە زیندانن . فڕۆکەخانە کراوەتەوە هەر بۆ ئەوانە ژنی فلان کەس لە ناو فڕۆکەخانەدا گیراوە بە 3 ملێۆن دۆلاری ئەمەریکی کەس ناوێرێت بڵێ دادە گیان ئەو پارەیە بۆ کوێی دەبەیت . من دەوڵەمەندی نا شەرعی بە دز دەزانم ، شارەکەمان وەك لادێیەکی گەورە وایە زوربەی زۆرمان زۆر چاك یەکتری دەناسین کێ پارەیار بووەو کێ فەقێر بووە باشە ساڵەکانی مەینەتی و شەڕی برا کوژی و نەبوونی پارەو نان سەوتەمەنی و ترسی ڕژێمی بەعس واتە ساڵەکانی 1995 بەدواوەو تاوەکو ئازادی عێراق ئەی بۆچی لەوکاتانەدا نە دەهاتنەوە بۆ کوردستان .